# لە یادی ١٨ساڵەی هەڵەبجە لە کالیفۆرنیای ئامریکا

بەبۆنەی ١٨هەمینساڵیادی کارەساتی هەلەبجە کۆمەڵەی کوردی لە شاری ساندیاگۆی ئیالەتی کالیفرنیای ئامریکا لە کاتژمیر ٧ی دوای نیوەڕۆ، ڕێوڕەسمێکی بەرپا کرد کە کۆمەڵێکی زۆر بە شداریان تێدا کرد. حیزب وپارتە سیاسی و کۆمەڵایەتیکان لەوانە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کوردیش هیومەن رایت وتاریان پێشکەش کرد.

هەروەها فیلمێکی دیکومێنت لە هەلەبجە پێشان درا.

لە لایەن ڕێکخراوی ئامریکای کۆمەڵەی شۆڕشگێروە سەلاحی موڕادی وتارێکی پێشکێش کرد کە دەقی وتارەکەی بەم جورە بو:

شیوەنی من شیوەنی ئینسانیە! بانگی ئازادی وگرۆی یەکسانیە!

شیوەنی من شیوەنی ژینی کوردی بێبەشە!

ئەو گەلەی حاشای لیدەکەن وهەر هەشە!

بەڕێزان ١٨ساڵ لەمەو پێش یەکێکیترلە جنایەتەکانی دژ بە مرۆڤانە دژی گەڵی کورد خولقا کە هەمو جیهانی تەکاندا، هەستی هەمو مرۆڤێکی ئازادیخوازی ئەوسەردەمەی هەژاند کە بە یەکجار٥٠٠٠کەس منداڵ و ژن و پیر ولاو بە گازی ژاراوی وشک هەڵاتن.

گەڵی کورد بە درێژایی مێژوی تەمەنی بۆ داواکاریە بەحەقەکانی خوازیاری ئازادی و ژیانێکی مرۆڤانە بووە، قوربانی داوە وبە هەزاران جور و ناجوانمێرانە لە لایەن داگیرکەرانی کوردستان لە هەمو پارچەکاندا بە هەمو چەک و چۆڵ و بە هەمو تووانای خۆیانەوە قەتڵوعام کراوە؛ فتوای جیهادی لە

سەردراوە و جینۆساید کراوە، کۆکوژ کراوە و ئەنفال کراوە، کیمیاباران کراوە، بەلام هەرگیز کۆلی نەداوە بە هەمو قوربانیک کە داویتی وبە هەمو دەربەدەری و سەختیوە، کولی بە داگیرکەران داوە ورۆژ بە ڕۆژ سوورتر بوە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی.

لە کوتاییدا سەری ڕێز و نەوازش دادەنوێنین لە سەر گلکۆی هەمو گیانبەختکردوکانی کوردستان بە تایبەت قوربانیانی هەڵبجەی شەهیدمان!

**کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران - ڕێکخراوی ئامرێکا**